www.kurdistannet.org
18-2-2006 11:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# یادگاری شـــــــەوێک!!

دلێر محمود سابیر

وەرە یادگارێ بنووسین گەلێ شـــیرینە لە لام
من هەوای شیعرم هەبوو،تۆش خەمی ماچێکی بە تام
ئەم شـــەوە باوەشـــم بۆ یادگاری تۆ گرتۆتەوە
بێرە لام تـا ماچەکەی ئەو شـەوەمان نوێ بێتەوە

---

ئەو شەوەم تاقە شەوێ بوو خەوم لێ بوو بە زوخاڵ
شیعر کاتی لێ فڕاندم!! تۆی گوڵیش دوو لێوی ئاڵ
وەرە بۆ زاخاوی دڵ هیـــچ نەبێ با ئاشت بینەوە
خۆشەویستی گەوهەرە وون بووە و،، بیدۆزینەوە

---

2006/02/17